# مافی مرۆڤ لەنێوان فکرو واقیعدا

علام قاعود، وائل فاروق

لەعەرەبییەوە: ئاوات محەمەد



مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ بووەتە ئەوەی کەجێگەی گرنگیەکی گەورەبێت لەناو گرنگیپێدانەکانی فکردا، ئەویش لەسەرەتای سەدەی بیستەوەو بەتایبەتی پاش جەنگی جیهانی دووەم، کەمافی مرۆڤو ئازادییە تاکەکەسیو بەکۆمەڵەکانی بوونە مەسەلەیەکی جیهانی، کەلەسەدەی نۆزدەدا وەك مەسەلەیەکی نەتەوەیی وابوو، یان لەناو بیرکردنەوەی کۆمەڵێك رۆشنگەرو بیرمەندا دەهاتو دەچوو.

ئەم گرنگیپێدانە بەمافەکان لەمەیدانی بنەما ئاکاریو تیۆریو فەلسەفیو ئایدۆلۆژیو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکاندا گواسترایەوە بۆ مەیدانی مومارەسکردنی واقیعی لەلایەن تاکو دەستە مرۆییەکانەوە، ئەم پرسیارە تەنها لای تەکنیکیە مافیەکان نەمایەوە، بەڵکو شەرعیەتی



دەستووری وەرگرت، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکاری یاسایی‌و شەرعی بۆ زامنکردنی جێبەجێکردنی، هەروەها ئامرازی گونجاو بۆ چاودێریکردنی ئەم جێبەجێکردنە دامەزرا بۆ رەتکردنەوەی پێشێلکاری، کەفکری سیاسی پەیوەست بوو بەکۆمەڵێك مافی مرۆڤی تەواوە (سیاسەت، ئابووری، رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی)، هەروەها لەنێوان سستمی حوکمرانی لەناو دەوڵەت‌و سستمی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی باو لەناو کۆمەڵگادا، لەئێستادا هەموو سەرنجەکان بۆ ئەو کەلێنە چووە کەلەنێوان بنەماو داننان بەشەرعیەتی مافەکان‌و دەقەکان هەیە لەنامو دەستوورو سستمی دانراوو مامانە پێبەخشراو لەلایەن پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان لەلایەکو لەکارخستنی مومارەسەکردنی‌و پێشێلکاری ئەم شەرعیەتە تایبەتە لەناو کۆمەڵگاکانی دەوڵەتانی جیهانی سێ لەلایەکی ترەوە.

نەخوێنەواری بەتایبەتی لەناو ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەی وەك لەئێمەدا گەورەترین رێگرن بۆ درککردن‌و هۆشیاری، هەروەها هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دواکەوتنی هەموو بوارەکانی ژیان، لەبواری مومارەسەی سیاسی کەلایەنی سەرەکی لەتوانایی خۆی لەدەست دەدات‌و والەهاووڵاتی نەخوێنەوار دەکات، مافەکانی خۆی نەبینێت، بەڵکو درکی ئەوەندە بەرز نابێتەوە کەئەم لای دەسەڵاتدارەکانی مافی هەیە، هەروەها مافی ئەوەی هەیە لەنێوان دەستەبژێری دەسەڵاتدا دەسەڵاتداری خۆی هەڵبژێرێت، هەروەها مافی بەشداری دەرکردنی یاسای هەیە، هەروەها کاروباری گشتی بەرێوە بەرێت.

ئەو روپۆشیە راگەیاندنیەی لەسەر پێناسەی مافی مرۆڤ، یان پەرەدانی راگەیاندن بەکۆمەڵێك چەمك‌و بەها، کەلەلایەکەوە ئەیەوێت ئیرادەی جەماوەر نەهێڵێت، تادرك بەمافەکانی خۆیان نەکەن‌و هەوڵی دواکردنی نەدەن، یان بەرگری لێبکەن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە "مافی مرۆڤ" ئێستا وەك پەرەیەکی رەها لەناو سیاسەتی جیهانیدا بەکار دەهێنرێت، لەو کاتەی ئەم سیاسەتە بە دەوڵەتی نەتەوە جیادەکرێتەوە، کەپێویستە ئەولەویەتی کردەیی باڵی بەسەر ئەوە دەوڵەتەدا کێشابێت مەسەلەی ئارامییە، ئەگەر نا ئەوا لەبوون دەوەستێت، لەزۆربەی دەوڵەتەکاندا زاراوەی مافی مرۆڤ بووەتە ئەو مافانەی خاوەنی ئەولەویتی تەواون

بەلای دەسەڵاتە گشتیەکانەوە، ئەگەر پاڵنەرو هۆکارەکانی لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تریش جیاواز بێت، ئەوا لای هەموو تاکەکان لەهەموو دەوڵەتان، کەبەرگری لەمافی مرۆڤ دەکەن، ئەوا ئامانجی کۆتایی زمانو مومارەسە بریتیە لەمافی مرۆڤ، کەنمونەی ئەم مافانە بریتیە لەو هۆکارانەی کەمەبەستی کەرامەتی مرۆیی لەپشتەوەیە.

پەرەسەندنە نوێیەکان و تێروانینیان بۆ مافی مرۆڤ

أ- لەلایەنی یاساییەوە

بەهۆی جەنگی جیهانی دووەمەوە، زۆرێک کاری ئابروبەرانە کران، کەرەنگدانەوەی لەسەر بەهەدەر چوونی مافی زۆرێک لەگەلانو تاکەکەسەکان هەبووە، لەبەرئەوە دەوڵەتانی جیهان ئاماژەیان بەدامەزراندنی سستمێکی جیهانی کرد، ئامانجی باڵادەستی ئارامیو ئاشتی بێت لەنێوان هەموو دەوڵەتان، کەببێتە هۆی خۆشنوودیو بەدەستهێنانی ئارامی بۆ گەلان.

لەم سۆنگەیەوە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەساڵی ١٩٤٥ دەرچوو لەمادەی (٥٥)دا هاتووە "لەپێناو خوڵقاندنی دەرفەتێکی جێگیرو خۆشنوودیانە، کەپێویستن بۆ پەیوەندی ئاشتیانەو دۆستانەی نێوان نەتەوەکان، کەلەسەر بنەمای مافی یەکسانو مافی چارەنووسی گەلان هاتووە، ئەوا نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمانە پتەو دەکات:-

١- ئاستێکی بەرزتری گوزەرانو کرێکاری تەواو، هەروەها دەرفەتی پەرەسەندنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو گەشەپێدان.

٢- چارەسەرکردنی گرفتە ئابووریو کۆمەڵایەتیوتەندروستی نێودەوڵەتی، هەموو ئەوانەشی پێوەی پەیوەستن، هاوکاری رۆشنبیریو خوێندنی نێودەوڵەتی

٣- رێزگرتنی جیهانی لەمافی مرۆڤو ئاگاداربوون لێی، ئازادییە سەرەکیەکان بۆ هەمووان، بەبێ جیکاری بەهۆی رەگەز، یان توخم، یان زمان، یان ئایینەوە.

لەدەرکەوتەکانی ئەم دەقانە، بۆ بەدەستهێنانی ئەم مەبەستە بانگەوازی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ دەرچوو، کەکۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە(١٠)ی دیسەمبەری (١٩٤٨)دا دەریکرد، کەلەلایەنێکیدا ئەو مافانەی لەخۆ گرتبوو کەخاوەنی چوارچێوەیەکی گشتیو ناپراکتیکین لەوانە "هەموو کەسێك مافی سستمی کۆمەڵایەتیو نێودەوڵەتی هەیە، کەلەو بوارەوە دەتوانێت ئەو مافو ئازادیانە بەدەستبهێنێت، کەلەم بانگەوازەدا راگەیەنراوە بەشێوەیەکی تەواوەتی".

ئەوەی جێگەی تێبینیە ئەم بانگەوازە جیهانییە لەو کاتەوەی بریاری لەسەر دراوە- لەسێ لایەندا ناتەواو بووە:

- کەیاسایەکی ناچاری نەبوو بەسەر دەوڵەتاندا، بەڵکو وەك رێنماییەکی نەتەوە یەکگرتووەکان وابووە بەسەر دەوڵەتانەوە.

لەهەندێك لایەنەوە خاوەنی مۆرکێکی گشتی بووە وەك مادەی (٥٥) لەپەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان- وەك نمونەی مادەی سێ کەجەخت لەوە دەکاتەوە " هەموو کەسێك مافی ژیانو ئازادیو ئاسایشی کەسایەتی هەیە" ئەم بانگەوازە هیچ هۆکارێکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادەیە پێشکەش نەکردووە، تەنها نیەت پاکی ئەو دەوڵەتە نەبێت کەجێبەجێی دەکات، لەلایەکی ترەوە ئەم بانگەوازە لەکاتی خۆیدا وەك یاسایەك نەبووە لەساڵی ١٩٤٨دا، کەئەمەش گرنگە لەدوو لایەنی یاساییەوە

یەکەم: ئەوە پەخش دەکاتەوە هەوڵدانێکە لەقسەی هیچەوە بۆ گرنگیدانی راستەقینە بەمافەکانی



مرۆڤ.

دووەم: ئەگەر لەساڵی ١٩٤٨دا ئەمە یاسایەك نەبێت، ئەوا لەرووی یاساییەوە گرنگە وەك بەیانێکی رەسمی سەبارەت بەمانای مادەی (٥٥)ی پەیماننامەکە وایە، کەئەو بۆ خۆی یاسایە، کەئەم بانگەوازە

بەخۆی بووە یاسایەکی عورفی، یان نیمچە یاسایی، کەزۆرجار بەبێ بوونی بەرهەڵستکار جەخت لەجارنامەی مافی مرۆڤ کراوەتەوە، زۆرێك لەدەوڵەتان لەگەڵ دەستووری نیشتمانیاندا تێکەڵاویان کردووە.

پاش ئەم هەوڵە، ئەو چەندەها ساڵەی



دانوسانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەهەردوو بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، کەپەیماننامە یان بڕیارنامەی یەکەم سەبارەت بەمافە مەدەنیو سیاسیەکانو دووەم سەبارەت بەمافە ئابووریوکۆمەڵایەتییوڕۆشنبیریەکان کەبڕیاری لەسەر دراوەو بۆ واژۆکردنو متمانە پێبەخشینو وابەستەبوون پێوەی لەکۆمەڵەی گشتی لەبەرواری (١٦)ی دیسەمبەری ١٩٧٦دا ، دوو ڕێکەوتنامەی یاسایی بوون لەدەوڵەتانی وابەستە پێوەی، ئەبوایە پەیرەوی بکرایە، کەلەدیباجەی هەردووکیاندا هاتووە کە"وەك داننان بەم مافانەی لەکەرامەتی خۆڕسکی مرۆڤەوە هاتووە وایە".

لەهەمان ساڵدا پرۆتۆکۆڵێکی ئیختیاری پێشنیار کرا بۆ ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بەمافە مەدەنیو سیاسیەکان، کەلە (٢٦)ی مارسی ١٩٧٦وە دەستی بەکارکردن کردووە، کەمەبەستی پتەوکردنی جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتنامەیە بووە، هەروەها جێبەجێکردنی حوکمەکانی، لەبەرئەوەی شیاوە کەلیژنەی مافی مرۆڤ کەپرۆتۆکۆڵ شێوەی دروستکردنی ئەو لیژنەیەی تێدایە" کاتێك نوسراوێکی لەتاکەکانەوە پێدەگات کەبانگەشەی ئەوە دەکەن، ئەمان قوربانی پێشێلکارین، پێشێلکاری هەر مافێك لەو دوو ڕێکەوتنامەیەدا هاتووە، واتە ئەو سکاڵا لەدەوڵەتێك دەکات کەلایەنە لەو پرۆتۆکۆڵەدا، لەبەرئەوە لیژنەکە تەماشای سکاڵاکە دەکات، هەروەها سەرنجی ئەو دەوڵەتە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، کەلادانی کردووە لەمادەکانی ئەو ڕێکەوتنامەیە، واتە ئەو تەنها تەبلیغی ئەو دەوڵەتانە دەکات، کەلایەنن لەو پیماننامەیەدا، کەلەیەکێك لەدەقەکان لایداوە، هەروەها ئەبێت ئەو دەوڵەتەی سکاڵاکەی لەدژ تۆمارکراوە، لەماوەی شەش مانگدا لەئاگادارکردنەوەی ئەبێت شیکردنەوەیەك، یان بەیانێکی نوسراو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پرسیارانەی بەرو ڕووی دەبێتەوە، یان ئەو چاکسازیانەی بەهۆی ئەو دەوڵەتەوە ئەنجامدراون، لیژنەی مافی مرۆڤ هەڵدەستێت بەدانی ڕای خۆی بۆ دەوڵەتانی لایەنداری دیاریکراو، یان خودی تاکەکان.

جەنگی سارد لەگەڵ هەموو ئەو گفتوگۆیە ئایدۆلۆژیایەی لەگەڵ خۆی هێنای، پەیوەندی بەپەرەسەندنی بنەماکانی مافی مرۆڤەوە هەبووە لەنەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها لەکۆتایی پەنجاکانو شەستەکاندا ئەندامیەتی لەناو نەتەوە یەکگرووەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتو ژمارەی ئەندامان زیادیکرد، کەئەوانیش دەوڵەتانی ناخۆرئاوایی بوون، کەبەتوندی جەختی لەمافە ئیجابیەکانو سۆسیالیستیەکانو کۆمەڵایەتیەکان دەکردەوە، بەڵام پەیماننامەو بانگەواز لەژێر کاریگەری خۆرئاوایدا بووە، خۆرئاواش جەختی لەسەر مافە سلبیەکان کردەوە، جەختکنەوەی بەلاغی یان گشتی لەسەر "مافە پۆزەتیڤەکان" ئازادی زیاتر بەگەلانو تاکەکان دەدات، ئەوان ئامادەن کەمافێکی قۆزەتیف بەدەستبهێنن کەحکومەت ناچار بکات، کەچەند کارێکی دیاریکراو بکەن.

بەم شێوەیە دوو جۆر دڵەراوکێی سەرەکی هەبوون، کەپەیوەست بوون بەبنەماکانی مافی مرۆڤەوە، لەنێو مافە مەدەنیو سیاسیەکان، مافە کۆمەڵایەتیو ئابووریەکان، لەنێوان زۆرێك، یان کەمێك لەحکومەتەکان.

پاش ئەمانە ڕێکەوتنامە لەنەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوو سەبارەت بەپێکهێنانی سەندیکاو کرێکارانی کشتوکاڵ، هەروەها کۆتو بەند دانان لەسە کاری سوخرە، هەروەها

لەسەر ئازادی پێکهێنانی سەندیکاو کۆمەڵەکان، هەروەها لەدژی جینۆساید، هەروەها مافی مرۆڤی پەناهەندەو ئاپارتاید، چەندەهای تریش، هەروەها مافەکانی مرۆڤ هەمیشە شەڕی لەسەر بووە تاساڵی ١٩٤٩ گەیشتە پەرەسەندنێکی تر(ڕێکەوتننامەی ژنێف)، کەساڵی ١٩٧٧ بەدوو پەیماننامەی زیادە پتەو کران، تاناوەراستی نەوەدەکانی سەدەی بیست، ژمارەی ڕێکەوتنامەکان گەیشتە (٢٣) پەیماننامە بۆ مافی مرۆڤو (١٣) بانگەوازی سەرەکی بۆ مافی مرۆڤ.

ب- لەبواری پراکتیزە کردندا

لەرووی کردەییەوە جیاوازی زۆر هەبوو لەنێوان مافی مرۆڤ لەلایەکو ئاگادار بوون لەفەراهەمکردنی کەشو هەوایەکو دەرفەتێکی گونجاو بۆ زامنکردنی جێبەجێکردنی، ئەویش لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر، لەئەورووپای خۆرئاوای دیموکراتی، بەرزترین سستم بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ هەیە، کەلەساڵی ١٩٥٣وە ڕێکەوتننامەی سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ کاری پێدەکرێت، کەجەخت لەبوونی مافی سیاسیو مەدەنی بەرفراوان دەکاتەوە، کەهەموو دەوڵەتانی ئەورووپا پێوەی پەیوەست بوون، بیستو یەک ئەندام لەئەورووپاوە بوون، کەئەم ڕێکەوتننامەیە دەزگایەک بۆ یارمەتیدانی جێبەجێکردنی لەوێنەی لیژنەی تەوافقیو دادگای نێودەوڵەتی، هیچ یەکێك لەدیموکراتیەکانی ئەورووپا جێبەجێکردنی حوکمی وابەستەی بەدادگای ئەورووپییەوە بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕەتنەکردووەتەوە، دەسەڵاتێك هەیە بۆ مافی مرۆڤ کەسنوورەکان دەبڕێت لەپێناو مرۆڤی خۆرئاوایدا، هەروەها لەهیچ شوێنێکی تر ئەوەندە تۆکمە ئەزموونی ئەورووپای خۆرئاوا لەدروستکردنی سستمی نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ درووست نەبوو.

بەگوێرەی خۆرهەڵاتی ناوەراستو ناوچەی ئاسیا، هیچ پەیماننامەیەك بۆ مافەکانی مرۆڤ لەئارادا نەبووە، وەك تێبینی دەکرێت لەئەمەریکای لاتین مامەڵەکردنی هندیە سوورەکان وەك لەناوبردنی ڕەگەزی جینۆساید وایە، کەهەموو مافەکانی مرۆڤی تێدا بەهەدەر دەدرێت.

ج- کردەیی تەشریعی بەرایی بۆ مافەکانی مرۆڤ:-

کردەیی تەشریعی بەرایی بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەموو کات کردەیەکی سیاسی بووە، دەوڵەتان یەکەم ملکەچی ئەو یاسایانەن، ئەو دەوڵەتانەش هۆکاری یەکەمن بۆ دارشتنی یاسا، دەوڵەتان بوونێکی سیاسینو بەهۆکاری سیاسی کاردەکەن

ئەوەی توشی سوخریەمان دەکات، کەمافەکان زۆرجار بەهۆی فەیلەسوفەکانەوە لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت یان بەهۆی یاساناسانەوە، کەپێوەرەکانی یاسا لەرۆشنی لەکردەی سیاسیەوە دەردەچێت.

شاراوە نییە هەموو هێزەکانی پشتەوەی دانانی دەستوور- کەیاساگەلێکی تێدایە، یان دەقێك بۆ مافی مرۆڤ- ئەمە بەپلەی یەکەم هێزێکی سیاسیە، تاچ ئەندازەیە دەستووری نیشتمانی وابەستەی تەشریعەکان بێت، بەو سیفەتەی یاسای باڵای دەوڵەتە، بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ سیاسەتەکاندا دەکات، واتە کێ سەرکردایەتی بەدەستەوەیە و بەچ نیەتێك؟، بۆ چ مەبەستێك؟، بەچ هۆکارێك؟، بەچ کۆتو بەندێك؟.

بنەماکانی مافی مرۆڤ ئەبێت کاریگەری لەسەر دەسەڵات دابنێت، دەوڵەتان هەمیشە دەسەڵات تاوانبار دەکەن، بەتایبەتی لەسستمی دەوڵەتێکدا کەلەبنەمادا ئاسایشەکەی لەسەر دەسەڵات بەندە.

لەئێستادا، ئەو فکرەیە رەتکراوەتەوە، کەدەوڵەت -لەتەشریعدا- ئەبێت دەست بەسەر توندوتیژیدا بگرێت، هیچ کارێك نەکات بۆ دادوەری کۆمەڵایەتیو ئابووری، هەمان بار بەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دەسەپێت.

گرنگیدان بەدادپەروەری بووەتە ئاماژەیەك بۆ کەرامەتی مرۆڤو کەسەکان جا تاك بن، یان کۆمەڵ، یان گەلان.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ زۆر پەرەی سەندووە، کەزۆر بەتوندی جەخت لەمەسەلە کۆمەڵایەتیو ئابوورەیەکان دەکاتەوە، هەروەها بۆ مافە مەدەنیو سیاسیەکان بەشێوەیەکی شکۆمەندانە دەگوازرێتەوە، بۆ دەرخستنی ماف و کۆمەڵایەتیو ئابووریەکانو رۆشنبیریەکان بۆ تاك.

دەچینە سەر ئەو بانگەوازەی کەئەم مافانە هیچ مانایەکی نییە، کەنەبێتە بەشێك لەکەرامەتی مرۆیی، ئەبێت مرۆڤ خۆی لەهەندێك هەڵوێستی وەك جەنگی گەورەو هەژاری رەهاو ژینگەی پیس بپارێزێت، کەهەمیشە ئەو پرسیارە دووبارە ئەبێتەوە: "مافی هەڵبژاردن چ سوودێکی هەیە، ئەگەر پارووەیەك نانم بۆ برسیەتیەکەم دەست نەکەوێت؟.